# خوێندنەوەی کتێبی (خەونی فەرمانبەرێک)(1)

د. کەیفی ئەحمەد
(زانکۆی کۆیە – کۆلێژی زمان)




**١- ناوونیشان**

ناوونیشـان بەگشـتی لـە بابەتـی ئەدەبـی و هونەریدا زۆر گرنگـە، بەتایبەتـی لـەو بابەتانـەی کە چیرۆکئامێزن، وەک ڕۆمان و جۆرەکانی چیـرۆک، چونکـە ناوونیشـان بـۆ خـۆی بابەتێکـی سـەربەخۆیە و گوزارشـتکردن و ڕوونکردنـەوەی ناوەرۆکەکەیـە، کـە هەندێـک جـار تەنیـا بـە خوێندنـەوە و سـەیرکردنی ناوونیشانەکە تـا ئاستێک لـە بابـەت و ناوەرۆکەکـە دەگەیـن، یـان سـەرنجمان ڕادەکێشـێت و بەرەو لای خـۆی کێشـمان دەکات و دەیخوێنینـەوە، بۆیـە دەبێـت نووسـەر گرنگـی زۆر بـە ناوونیشـان بـدات، کـە هەندێـک جـار وەک ڕەمـز و گوزارشـت، یـان خەیاڵـی، یـان واقیعـی دەبێـت.. ناوونیشـانەکانی ئـەم کتێبـەش هـەر هەموویـان بەجۆرێکـن، کـە گوزارشـت لـە ناوەرۆکـی چیرۆکەکـە دەکات و هـەر بـە خوێندنـەوەی ناوونیشـانەکە تـێ دەگەیـن، کـە ناوەرۆکەکـە بـاس لـە چـی دەکات و لـە دەوری چـی دەخولێتـەوە، نووسـەر لـە هەڵبژاردنی ناوونیشـانەکان لـەڕووی جوانـی و ناسـکی و ئیسـتێتیکی و واقیعـی سـەرکەوتوو بـووە و بەجوانـی لەگـەڵ ناوەرۆکەکەیـدا گونجاندوونـی.

**٢- واقیعییەت**

نووسـەر بـۆ نووسـینی بابەتەکانـی دەتوانێـت پشـت بـە کۆمەڵێـک سـەرچاوە و بابـەت و ڕووداو ببەسـتێت، کـە دەکرێـت خەیاڵـی، ئەفسـانەیی، مێژوویـی، کێشـەی کۆمەڵایەتـی، واتـە لـە واقیعـی ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵکییـەوە وەریـان بگرێـت، نووسـەر لـەو کۆمەڵـە چیرۆکـەدا بەشـێوەیەکی گشـتی پشـتی بـە ڕووداو و کێشـەی کۆمەڵایەتـی واقیعـی بەسـتووە و بەشـێوەیەکی هونـەری تەوزیفـی کـردوون و دایڕشـتوونەتەوە، دیـارە ڕووداوی واقیعـی ئەگـەر بـە جوانـی و بـە شـێوەیەکی هونـەری

دابڕێژرێتـەوە و جیهانێکـی ئیسـتێتیکی لـێ دروسـت بکرێـت، خوێنـەر زیاتـر خـۆی لەنێـودا دەبینێتـەوە و چێـژی لـێ وەردەگرێـت. ئەگـەر چاوێـک بـە چیرۆکەکانـدا بگێڕیـن، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێـت، بـۆ نموونـە (خانەنشین) باسـی دۆخـی کەسـانی خانەنشـینکراو دەکات، کـە لـەو وڵاتـەی ئێمـە لـەڕووی دەروونـی و داراییـەوە لـە چ دۆخێکدا دەژیـن، ئـەوان هەسـت بـە ئێـش و ئـازار و ناخۆشـی دەکـەن، بەهـۆی کەمـی مووچەکانیـان، یـان لەپـڕ دوورکەوتنـەوەی لـە هـاوڕێ و شـوێن و فەرمانگەکـەی، کـە چەنـدان سـاڵ بـە دڵ خزمەتـی کـردووە و هۆگـری هاوکارەکانـی بـووە.

خـۆی لـە واقیعـدا دەبێـت بـە پەنجەکانـی سـاڵ و مانـگ و ڕۆژەکان بژمێرێـت، تـا دەگات بـەو کات و سـاتە و خانەنشـین بێـت، دوای ئـەوە ڕێـزی لـێ بگیرێـت و ژیانێکـی شایسـتە و سـەربەرزانەی بـۆ دابیـن بکرێـت، بـەڵام خانەنشـینبوون لـە وڵاتـی ئێمـە لەبـری ئـەوەی پاداشـتی ماندووبوونەکـەی بدرێتـەوە و بـەری ڕەنجـی کۆبکاتـەوە و لـەو تەمەنـەدا لەژێـر سایەیدا بحەسێتەوە و پشـوویەک بـدات، کەچـی سـزا دەدرێـت و مووچـەی بـە ڕێژەیـەک کـەم دەکرێتـەوە، کـە نەتوانـێ پێـی بژێـت، دوای ئـەوەی توانایـی کارکردنـی نامێنێـت و چەنـدان نەخۆشـی بەهـۆی تەمەنەکەیـەوە لێـی کۆبوونەتـەوە، پێویسـتی زیاتـری بـە ماددە هەیـە، کەچـی ناچـار دەبـێ، بـەو تەمەنـە دووبـارە پەنـا بـۆ کارکـردن بباتـەوە.

هەروەهـا باسـی واقیعێکـی دیکەمـان بـۆ دەکات، ئەویـش دەستاودەسـتکردن و ئاڵوگـۆڕی شـوێن و ڕۆڵەکانـە لەنێـو نەوەکانـدا، چونکە ئەوە سـوننەتی ژیانـە، کـە ئەمـڕۆ مـن و سـبەی تـۆ، یـان ڕۆڵـی مـن و تـۆ، یـان نەوەکانمـان شـوێنمان دەگرنـەوە و دەورو تەسـلیم بـە ئـەرک و شـوێنەکانمان دەکەیـن، لـە کـوێ و لـە چ کات و سـاتێکدا ڕۆڵـی مـن تـەواو بـوو، هـەر لـەو شـوێن و کات و سـاتەدا ڕۆڵـی کەسـێکی دیکـە دەسـت پـێ دەکات و جێگـەی دەگرێتـەوە، ئـەو ساتەی کەسـەکە ڕۆڵـی تەواوبـووە، لـە گۆڕەپانەکـە کارتـی سـووری بەڕوودا بـەرز دەکرێتـەوە و دەکرێتـە دەرەوەی یارییەکـە، هـەر لـەو سـاتەدا و لـەو شـوێنەدا ژیـان و ڕۆڵـی کەسـێکی دیکـە دەسـت پـێ دەکات و دێتـە نێـو مەیدانەکـە و شـوێنی دەگرێتـەوە، ئەویـان چەنـدە دڵـی ناخۆشـە، ئەمیـان هێنـدە دڵـی خۆشـە، دژیەکـی و بەراوردێکـی واقیعـی جوانـی ژیانمـان پیشـان دەدات.

- **چیرۆکی (موویەکی سمێڵم سپی بووە)**

بـاس لـە واقیعێـک دەکات، کـە بریتییـە لـە قۆناغەکانـی ژیانـی مـرۆڤ، لـە منداڵـی بـۆ هـەرزەکاری و بـۆ کامڵـی و بـۆ پیـری، ئـەو سـوڕەی ژیانیـش شـتێکی حەتمییـە و هیـچ هێـز و دەسـەڵاتێک ناتوانـێ ئاراسـتەکەی بگـۆڕێ و بیوەسـتێنێت، بۆیـە نابێـت نیگـەران و نـاڕازی بیـن، یـان لـەو گۆڕانکارییانـە بترسـین، کـە لـە هـەر قۆناغێکدا ڕوودەدەن، چونکـە هـەر قۆناغـەی خاوەنـی سـیما و خەسـڵەتی خۆیەتـی، هەروەهـا بریتییـە لـە سروشـت و کاروانـی ژیانـی مرۆڤایەتی، هەندێـک شـت هـەن زۆر بچووکـن و پێویسـت بـە تـرس و نیگەرانـی ناکـەن، دەبێـت سـەیری دەوروبـەر و هـاوڕێ و خەڵکـی دیکـە بکەیـت، کـە لەوانەیـە لـە کێشـە و ئـازار و مەینەتـی زۆر گەورەدابـن و بەرگـەش دەگـرن، کەچـی تـۆ بێـی کێشـەیەکی زۆر ئاسـایی و بچـووک گـەورە بکـەی، بیکـەی بـە هـات و هـاوار... چییـە مـووی سـپی لـێ دەرکەوتـووە.

- **چیرۆکی (دایکم سەرووەت و سامانمە)**

باسـی سـەردەمانێکی واقیعـی ژیانـی گەلەکەمـان

دەکات، کە گرانی و برسییەتی بوو، خەڵکی بەدوای دەڕاسەکان دەکەوتن، یان لە پەرێزەکاندا گوڵەگەنمیان کۆدەکردەوە، هەروەها باسی قۆناغێکی سەخت و قێزەونی نەتەوەکەمان دەکات، کە شەڕی براکوژییە.

هەروەها باسی کەسانێکی درۆزن و قۆڵبڕ و تەڵەکەباز دەکات، کە لەژیاندا لەپێناوی دەسکەوت و قازانج لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە و نەریت و ئایین و گفت و بەڵێنیان بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ نییە، کەسەکە گەورەیە، یان بچووک، نەخۆشە، یان ساغ، هەژارە، یان دەوڵەمەند، گرنگ ئەوەیە، ئەوان پارە و قازانجی خۆیان دەست بکەوێت، ئەوانەش هەمووی لەنێو مامەڵە و کڕین و فرۆشتنندا دەخاتەڕوو.

واقیعییەت بە چەندان ئامراز و ڕێوشوێن دەخاتەڕوو، بۆ نموونە بەکارهێنانی ناوی کەسانی واقیعی لەنێو خێزانەکەی، وەک ناوی برا و خوشک و باوک و دایک و باپیرە و خزم و ناسیاوەکانی، خەڵکی گوندەکەی، خەڵکی شاری کۆیە..

بەکارهێنانی ناوی شوێنی واقیعی، وەک ناوی هەرمۆتە، عەنکاوە، هەولێر، ماجدی مۆڵ، سلێمانی، چاڤیلاند، کۆیە، گردەشینە...

**- چیرۆکی (لەنێو پاسدا)**

باسکردن و ژیان و پیشە و گوزەران و نەریتی سەردەمێکی ژیانی واقیعی خەڵکی لە شارە گەورەکانی وەک هەولێر و سلێمانی دەکات، کە خەڵکی بە پاس هاتوچۆیان دەکرد و خەڵکی بەپێوە دەوەستان و لەنێو پاسەگەورەکان پاڵە پەستۆیان بوو، کە نووسەر زۆر بەجوانی و هونەرییانە ئەو دیمەنەی تەوزیف کردووە و وێنە و دیمەنێکی تازە و جوان و ئیستێتیکی نوێی واقیعی لێ دروست کردووەتەوە، هەروەها باسکردنی ژیان و هەڵسوکەوتی گەنجان و شێوازی خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچانی ئەو کات.

**- چیرۆکی (با جەوێک بگۆڕین)**

ئەم بابەتە ڕەخنەگرتنە لە دەسەڵات و کۆمەڵ و چین و توێژەکان و لایەن و کەسەکان وەک تاک، یان دابونەریتی چەوتی نێو کۆمەڵ، چەندان دیمەنی تەنزئامێز و پێکەنیناوی و ڕەخنەئامێزی تێدان، کە خەندە دەخاتە سەر لێوی خوێنەران و بابەت و گێڕانەوەکە دەڕازێنێتەوە، هەروەها باسی جیاوازی چینایەتی دەکات، کە چینێک هێندە تێر و خاوەن داهاتن، لە هەمان کاتدا هێندە دەستبڵاو و موسریفن، کە بە ڕۆژێک و لە بۆنەیەکی ئاسایی، کە هیچ پێویست نییە، بەقەد دوو ساڵی چینێک، یان خەڵکێکی هەژار داهاتیان هەیە و سەرف دەکەن، بەڵام ئەو چینە دەوڵەمەندە هەموو شتێکیان هەیە و لە هیچ ئامرازێکی خۆشگوزەرانی بێ بەش نین، بەڵام دڵیان خۆش نییە، دیمەنە جوان و هونەرییەکە لەو سات و دیمەنەدایە، کاتێک دەبدەبەیەک لەنێو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەوان بەبێ مەبەست دەپەڕێتە دەرەوە و بەهۆی باوە دەچێتە نێو کەمپێکی ئاوارەکان، کە منداڵەکانیان لە هەموو خۆشییەکی دنیا بێ بەشن، بایەکە دەیبات بۆ نێو ئەو منداڵانە، کە بە شتی سەرەتایی و دەستکردی خۆیان یاری دەکەن، دەبدەبەکە دەکەوێتە دەستی منداڵێک، دەگەشێتەوە و دڵی خۆش دەبێت، هەروەها لە گۆشەیەکی دیکەدا باسێکی مێژوویی و واقیعی نەتەوەکەمان دەکات، باسی ئەو کارەساتانە دەکات، کە بەسەر ئێزیدی و مەسیحییەکان هاتوون، کە باسی جۆر و قەبارە و کاریگەریی ئەو کارەساتانە بەسەر نەتەوەکەمان بە گشتی و ئەو بەشەی نەتەوەکەمان بەتایبەتی دەکات، کە بووەتە هۆی کۆچ و کەمبوونەوەی

ژمارە و پێگەیان لەو ناوچە گرنگانەی نیشتمان..

**- چیرۆکی (ئازاری ژیان)**

باس لە سەردەمێکی واقیعی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی دەکات، کاتێک حکومەت مووچەکەیانی کرد بە نیوە مووچە و چارەگە مووچە و بە دوو مانگ جارێک وەرگرتنی ئەو برە مووچە کەمە، لە هەمان کاتدا دەوامیشی بە مووچەخۆران و هێزی پێشمەرگە دەکرد، کە بە قەرز کرێی هاتوچۆی چوونە سەر کارەکانیان دەدا، لەو لاشەوە منداڵەکانی بە سکی برسی و بێ پارە جێ دێڵێت و دەبێت خەڵکی خێریان پێ بکات..

ئەوە بەشێوازێکی تراژیکۆمیدی خراوەتەڕوو، کە سەرەتا بە دیمەنێکی خۆش و پێکەنیناوی و قسەی خۆش دێتە ناو بابەت، پاشان دەیگۆڕێت بۆ ئەو ناخۆشی و خەمە و فرمێسک لە چاوی خوێنەر دێنێتە خوار و.. کۆتایی بە چیرۆکەکەی دێنێت.

**- چیرۆکی (خەونی فەرمانبەرێک)**

فەرمانبەرەکە لەنێو واقیعێکی تاڵ و ناخۆش و ژیانێکی تاقەت پڕووکێنەر و ماندووکەر و هەژارانەدا دەژێت و زۆر بێزار و بێتاقەت و خەفەتبارە، لەو دۆخەیدا دەچێتە نێو دۆخێکی خەیاڵاوی، کە خەیاڵ بە ژیانێکی ڕۆمانسی و جوان و پڕ لە خێر و خۆشی ئاسوودە دەکات، لەو دۆخە خەیاڵاوییەدا خەو دەیباتەوە و خەوی لێ دەکەوێت، بۆیە یەکسەر دەچێتە نێو جیهانی فانتازیا و خەوبینینەوە، کە خەون بەوەوە دەبینێت، چووەتە نێو ژیانێکی خۆش و دەوڵەمەندانە و خاوەنی هەموو شتێکە، بەهۆیەوە خۆشبەختی ڕووی تێ کردووە، لەو دۆخە خۆشەدا، یەکسەر دەیگوێزێتەوە بۆ دۆخێکی ناخۆش و تەواو پێچەوانەی خەونەکەی، ئەویش بەهۆی کوژانەوەی کارەبا و گەرمداهاتنی ژوورەکەی، ئەو گۆڕانە ڕوودەدات، کە ژوورەکەی لێ دەبێت بە گورگێکی دڕندە و هار و برسی و ڕاوەدووی دەنێت، کە فریزی ماڵەکەی دەبێتە چەپۆک و تووکی و دەرگای ماڵ دەبێتە دەم و کەڵبە و پەنجەرەکان چاوەکانی و بەم شێوەیە هێرشی بۆ دێنێت، ڕاوەدووی دەنێ و دەیەوێت بیگرێت و بیخوات، ئەویش لێی ڕادەکات و هەناسەبڕکە و تەنگەتاو بووە، لەو دۆخ و مەترسییەدا بەخەبەر دێت، کە بەهۆی دۆخە ڕاستەقینەکەی، کە بێکارەبایی و گەرماکە و خەونە ترسناکەکەی دروستیان کردووە، هەناسەی سواربووە و ماندوو بووە.

**- چیرۆکی (ئەوەندیتر باریم قورس کرد)**

بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی و باس لە ژیانی سەردەمی منداڵی خۆی و هاوڕێکانی دەکات. لێرەدا باسی جیهانی منداڵی و خەون و هیوا و ئاوات و یاری و خەسڵەتەکانی ئەو چینە دەکات، کە چینێکی پاک و بێگەرد و پڕ لە جووڵە و حەز و ئارەزوو و خەونن، باسی سروشت و شێوازی یارییەکانیان دەکات، کە بە جوانی ئەو ژیانە سادە و پڕ لە خۆشی و بەرائەتەمان بۆ دەنەخشێنێت.

**- چیرۆکی (بەس جێگام نییە)**

چیرۆکێکی نوکتە ئامێزە و هەر خۆی نوکتەیەکە و ئەو هاتووە دووبارە بەجوانی بۆمانی دەگێڕێتەوە و بەشێوەیەکی ئیستێتیکی و هونەری دایڕشتووەتەوە، کە بەستنەوەی دوو دیمەنی کۆمیدی و تەنزئامێزی لەیەکچووە، کە لە دوو سەردەمی جیاواز و دوو شوێنی جیاواز لە یەکدی ڕوویان داوە، کە یەکیان وەک نوکتە و قسەی خۆشی فۆلکلۆرییە، ئەوەی دیکەشیان دیمەنێکی هاوچەرخی ئێستایە، یەکەمیان

لەنێو گوند و مزگەوتە و دووەمیان لەنێو زانکۆ و کتێبخانەیە، مەبەستی هەردووکیان یەکە، کە ژوان و یەکتر بینینی دوو ئاشقە.

**– چیرۆکی (ئازارەکانی ئاسۆ)**

بابەتێکی تراژیکۆمیدییە، کە دوای گێڕانەوەی دوو بەسەرهاتی زۆر کۆمیدی و گاڵتەوگەپ و نوکتەئامێزی ڕووتەمەنی، دەچێتە نێو خەم و ناخۆشی، کە باس لە غەدرێکی گەورەی باوکێک بەرانبەر ڕۆڵەکەی خۆی دەکات، هەروەها باسی نەخۆشییەکەی دایکی دەکا، کە تەشەنەی کردووە.

### ٣- خەیاڵ

خەیاڵ ئەو ڕەگەزەیە، کە هیچ بابەتێکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەبێ ئەو لەدایک ببێت و دروست بێت، چونکە بەهۆی خەیاڵەوەیە، کە بابەتی ئەدەبی هونەری دەچنە نێو ئەو جیهانەی، کە جیابکرێتەوە لەو دیمەنەی لەنێو واقیعدا هەیە، تا نووسەر ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر بێت، بابەتەکەی جوانتر و هونەریتر دەبێت، بۆیە نووسەر پەنای بۆ خەیاڵ بردووە و بەهۆیەوە بابەت و چیرۆکەکانی جوان و چێژبەخشتر بوونە، بۆ نموونە:

– لە چیرۆکی خەونی فەرمانبەرێکدا: فەرمانبەرەکە لەنێو واقیعێکی تاڵ و ناخۆش و ژیانێکی تاقەت پروکێنەر و ماندووکەر و هەژارانەدا دەژێت و زۆر بێزار و بێتاقەت و خەفەتبارە، لەو دۆخەیدا دەچێتە نێو دۆخێکی خەیاڵاوی، کە خەیاڵ بە ژیانێکی ڕۆمانسی و جوان و پڕ لە خێر و خۆشی ئاسوودە دەکات، لەو دۆخە خەیاڵاوییەدا خەو دەیباتەوە و خەوی لێ دەکەوێت، بۆیە یەکسەر دەچێتە نێو جیهانی فانتازیا و خەوبینینەوە.

– لە چیرۆکی دایکم سەروەت و سامانمەدا دیسانەوە لە خەیاڵەوە دەچێتە نێو خەون و فانتازیاوە، کە تەکنیکێکی جوانی بۆ گوزارشتکردن لە خەم و پەرۆشی بۆ بەرخەکەی و دروستکردنی وێنەیەکی جوان، بەکارهێناوە.

– لە چیرۆکی موویەکی سمێڵم سپی بوو، کاتێ باسی گۆڕانکارییەکانی جەستەی دەکات، دێت خەون و خەیاڵ تێکەڵ دەکات، وێنەیەکی جوان و گوزارشتکارانە دەکێشێت و بەهۆیەوە ئەو واقیعەی ژیانی مرۆڤ دەخاتەڕوو..

### ٤- تەکنیکی پیشاندان و وێنەکێشانی دەروونی

پیشاندانی گۆڕانکارییەکانی ناوەوە و ناخی کارەکتەرەکان لە چیرۆک و بابەتە چیرۆکئامێزەکان زۆر گرنگە، چونکە هەڵچوون و گۆڕانکارییەکانی ناوەوە کاریگەرییان لەسەر لایەنەکانی دەرەوە و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کارەکتەردا هەیە، هەروەها گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە و واقیعی کارەکتەر دەخاتەڕوو.

نووسەر لە چەندان هەڵوێست و ڕووداوی نێو چیرۆکەکانی کاردانەوە و دۆخی دەروونی کارەکتەرەکانمان پیشان دەدات و دەخاتەڕوو، کە بەهۆیانەوە باشتر لە کار و کردەوە و هەڵوێستەکانیان دەگەین و دەزانین بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن، بۆ نموونە لە چیرۆکی خانەنشیندا، بەهۆی شڵەژان و دڵەڕاوکێی کارەکتەر، وێنەیەکی ئیستێتیکی ڕاستگۆیانە و واقیعی ناخی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەکێشێت و وەک کاردانەوەی بەرانبەر بە خانەنشینبوونەکەی، کە لەناخەوە پێی هەزم ناکرێت و تووشی ئەو دۆخە دەروونییە دەبێت.

لە چیرۆکی موویەکی سمێڵم سپی بوو، کارەکتەر لەناخەوە دەهەژێت و ناتوانێت ئەو واقیعە بە ئاسایی وەک سوننەتێکی ژیانی مرۆڤ

وەربگرێت، بۆیە لە ناخەوە تووشی ڕاڕایی و خەم و نیگەرانی دەبێت، بەهۆی ئەوەی دەگات بە قۆناغێکی دیکەی ژیانی ئاسایی.

٥- فلاشباک، گەڕانەوە بۆ دواوە

ئەو تەکنیکە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خوێنەران بۆ ڕووداوێک بگێڕییەوە، کە پێش ئەو کات و سەردەمەی کە کارەکتەر تێیدا دەژێت و بەلایەوە زۆر گرنگە و کاریگەری لەسەر بنیادی ڕووداو و کەسیەتی و ئەو دۆخەی ئێستای تێدایە هەبووە.. نووسەر سوودی لەو تەکنیکەش وەرگرتووە و بەکاری هێناوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی خانەنشیندا بەهۆی فلاشباک دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی، کە کارەکتەر لە هەڕەتی لاوێتیدا بووە، باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات، کە وەک فەرمانبەر دەست بەکاربووە، چەندە دڵی خۆش بووە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو ساتە و ئەو ڕۆژەی ئێستایەتی، کە بەراورد و دۆخێکی دژبەیەکی جوانمان پیشان دەدات.

٦- شێواز

نووسەر لە خستنەڕووی بابەتی چیرۆکەکانیدا چەندان شێوازی بەکارهێناوە، وەک تەنز و کۆمیدیا، ئەو شێوازە لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا بەرچاو دەکەون، بۆ ئەوەی دۆخێکی خۆش و پێکەنیناوی بۆ خوێنەر دروست بکات و خەندە بخاتە سەر لێوەکانی.

تراژیدیا و جیددییەت، شێوازێکی دیکەیە، کە نووسەر سوودی لێ وەرگرتوون، لە هەندێک لە چیرۆکەکانیدا پەنای بۆ بردوون و سەرکەوتووانە جێبەجێی کردوون.

شێوازی تراژیکۆمیدی، دیسانەوە هاتووە سوودی لەو شێوازەش وەرگرتووە، کە سەرەتا بە نوکتە و قسەی خۆش، یان دیمەنێکی گاڵتەوگەپ، یان ڕووداوێکی پێکەنیناوی واقیعی، دەچێتە نێو ڕووداو و باسەکەی و خەندە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر، پاشان وردەوردە بۆ جیددییەت و خەم و ناخۆشی دەیگۆڕێت، تا دەگات بە ئاستی تراژیدیا و بەرەو کۆتایی دەڕوات.

٧- بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی و زمانی ناوچەیی

نووسەر چیرۆکەکانی بە زمانێکی ئەدەبی و فەرمی نووسیوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی و بەڕێژەیەکی زۆر ئەو زمانەی بەکارهێناوە، هەرچەندە بەڕەهاییش ئەو زمانەی بەکارنەهێناوە، بەڵکوو سوودی لە زاری ناوچەیی و زێدی خۆی وەرگرتووە و بەڕێژەیەکی کەم وشە و زاراوەی ناوچەکەی بەکارهێناوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە، کە خوێنەران بەو وشە و زاراوانە ئاشنا بکات و بابەتەکەی زیاتر دەوڵەمەند بکات، ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئەو وشە و زاراوە و ئیدیۆمە ناوچەییانە نەفەوتێن و لە مردن و لەناوچوون ڕزگاریان بکات، لەو لاشەوە زیاتر زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند و ڕەونەقدارتر بێت، کە ئەوە بەکارێکی جوان و ئەرێنی دەبینم.

**لادانی زمانی و وشە ناوچەییەکان**

شیلەبزە/ زەردەخەنەی نابەدڵ
سمێڵبزە/ زەردەخەنە
بە نکە نک/ بە ماندووبوونەوە
پەلەتیقە / کێشە، ئاستەنگ
حۆتر حۆتر/ بە نابەدڵی و گەڕانەوە بە بێتاقەتی
وەڵداشەکانم/ هاوڕێکانم
لەپەنا قۆتەرەی گوێمەوە/ پشتگوێ
گەڕسیسە/ دەوروخولی بوو، دەسووڕایەوە

هێن و منهێن/ بێنه و بەردە
چەرگە/ کۆڵەگە
تەژگە/ داری نەختێک ئەستوور بۆ ڕایەڵی کەپر
چیچکان/ هەڵقونجان
جگسس/ جنێوە
دمۆر/ جنێوە
پۆشتە/ ڕێکپۆش
مینگەمینگ/ بۆڵەبۆڵ
مل و مۆکردن/ بیرکردنەوەو لێکدانەوە
قاندڕ/ زۆر حەزی لێیەتی
ساوەردان/ گەدە
چووڕەچووڕ/ نووزەنووز
شرتوشۆی دەرهێنا/ خستنەڕووی ڕاستییەکان
چۆمراغمانکردن/ لەناوبردن

### ٨- ڕەمز

لە چیرۆکێکدا باس لە بوون بە کۆتری سپی دەکات، کە بەرەو بەرزی و قووڵایی ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدات و دەفڕێت، هەروەها ئەو جیقنەیەی کە لەسەر زەوی لەدوای دەمێنێتەوە، هەردووکیان وەک ڕەمز و گوزارشتکردن لە شتێک بەکارهاتوون، کە باس لە مردن دەکات، کۆتری سپی ڕەمزە بۆ ڕوح و لە جەستەی جیادەبێتەوە و بەرەو ئاسمان و نەمری دەڕوات و لەبەرزیدا دەمێنێتەوە، جیقنەکەش ڕەمزە بۆ جەستە و لاشە، کە لەسەر زەوی و وەک پاشماوەیەک دوای جیابوونەوەی ڕوح دەمێنێتەوە و دەبێتە پاشەڕۆ و بۆگەن دەکات و لەنێو دەچێت و دەبێتەوە بەخۆڵ و خاشاک و تێکەڵ بە خاک دەبێتەوە.

### ٩- تەکنیکی تێکهەڵکێشان

دیارە لە نووسینی شیعردا ئەو جۆرە تەکنیکە، یان نەریتە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام نووسەر هاتووە سوودی لەو تەکنیکە وەرگرتووە و چیرۆکی نووسەری دیکەی هێناوە و تەوزیفی کردووە و لەگەڵ چیرۆکی خۆی تێکەڵ و تێکهەڵکێشی کردوون و بە هەردووکیان چیرۆک و بابەتێکی نوێی لێ دروست کردوون، بۆ نموونە سوودی لە چیرۆکی جومعە کانیلەلەیی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی بابەت و چیرۆکی خۆی کردووە، هەروەها چیرۆکی فۆلکلۆریشی بەهەمان شێوە بەکارهێناوە و سوودی لێ وەرگرتووە.

**(١) کتێبی خەونی فەرمانبەرێک، کۆمەڵە چیرۆکێکە لە نووسینی (د.هاوژین سلێوە)یە، کە لە (١٢) چیرۆک پێکهاتووە، لە ساڵی ٢٠٢٠ چاپ کراوە.**